گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# حوکمی گۆڕینی ڕەگەز(ترانسجێندەر) لە فیقهی ئیسلامی و یاسای عێڕاقیدا: لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری و هەڵسەنگاندنە

**د.کارزان فقي خليل كريم**
بەشی یاسا، کۆلێژی یاساو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان ،عێڕاق
karzanfaqi@lfu.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن:**٢٠٢٤/١/١٥
**پەسەندکردن:**٢٠٢٤/٢/٢٥
**بڵاوکردنەوە:**بەهاری٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*transforming sex, jurisprudence, Iraqi law, Law, analytical, Islamic study,*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.1.12

**پوختە**

پێشکەوتنی زانستی سەردەم و تەکنەلۆجیا بە شێوەیەکی گەورە یارمەتی مرۆڤایەتی داوە، هەروەها کۆمەڵگای بەرەو لوتکەی پێشکەوتن بردووە، بەڵام ئەم پێشکەوتنە بۆتە چەکێکی دووسەرە، بۆیە لە ئەنجامی ئەم پێشکەوتنەدا دیاردەیەکی ترسناك و نامۆ لەم دواییانە سەریهەڵدا، ئەویش گۆڕینی ڕەگەز(ترانسجێندەر)، گۆڕینی ڕەگەز(ترانسجێندەر) دیاردەیەکی نامۆیە، پێشکەوتنی زانستی پزیشکی سەردەم بۆتە یارمەتیدەرێکی سەرەکی بۆ نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگەز(ترانسجێندەر). ئەم دیاردەیە نامۆیە لە جیهان و وڵاتانی ئیسلامی بڵاوبۆتەوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تیشك خستنە سەر ماناو کێشەی گۆڕینی ڕەگەز(ترانسجێندەر) و باسی بۆچوونی شەریعەتی ئیسلامی دەربارەی گۆڕینی ڕەگەز(ترانسجێندەر). وەباس لە رای شەرعی دەربارەی گۆڕینی ڕەگەز(ترانسجێندەر) وە باسکردن لە بۆچوونی زانایانی ئیسلام و شیکردنەوەی وتەکان و وەڵامدانەوەیان، وە باس لە رای یاسای عێڕاقی دەربارەی حوکمی گۆڕینی ڕەگەزلەژێر ڕێبازی شیکاری و هەڵسەنگاندندا.

## 1. پێشەکی

خوای گەورە ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە و بوونەوەری تێیدا جێگیرکردووەو لە بەردەوامیدا دەبن بە هۆی بوونی ڕەگەزی نێرو مێ، خودا مرۆڤی دروستکردووە بە جوت ئەمەش هۆکاری مانەوەی مرۆڤایەتی لە نێو بوونەوەرە لەسەر ڕووی زەویدا، شەریعەتی پاکی ئیسلامی گونجاوە لەگەڵ سرووشتی مرۆڤ، بۆیە هەر دەبێ هەردووکیان لەگەڵ یەکتر بۆ بەردەوامی ژیان لە ڕێگەی هاوسەرگیری شەرعییەوە زەوی بە ئاوەدانی ڕابگرن ئەم دابەشکردنە خواییە بۆ بوونەوەر بۆ نێر و مێ خەڵات و بەخششێکی گەورەیە، شایانی ئەوەیە کە لێی ڕابمێنین، چونکە ئەم دوو ڕەگەزە هەریەکەیان تەواوکەری ئەویتریانە، ژیانیش بەردەوام نابێت بە بوونی هەردوولا نەبێت، چونکە لە گەورەیی و حیکمەتی خودایی نێرو مێ دروستکردووە تاکو سەر زەوی بە ئاوەدانی بمێنێتەوە.

هەندێکجار مرۆڤەکان بە هەوەسی نەفسی و بە یارمەتی پزیشکەکان یاری بە ڕەگەزەکانەوە دەکەن بۆ ڕازی کەسی لادەر، بەڵام لەکۆتاییدا کەسەکە تووشی کێشە دەبێت و لە نێو خەمباری و دڵتەنگی دەژی، حیکمەتی خودایی وا دەخوازێت هەندێك جار جۆرێك لە ڕەگەزی مرۆڤەکان هەر لە دایکبوونیەوە توشبووە بە جۆرێك لە ناتەواوی یان تێکەڵاوی یان نادیاری ڕەگەزیدا، لە هەمان کات دوور نییە مرۆڤ هەندێکجار هەوەسی نەفسی و مەیلی بەرامبەری تێدابێت و بکەوێتە هەڵەو تاوان کە ئایین قبووڵی ناکا و ئاکامەکەی دەبێتە تاوان ، لە ڕۆژگاری ئیمڕۆدا زۆرێك لەم جۆرەی مرۆڤ حەز بە گۆڕینی ڕەگەزەکەی دەکات بە هۆی بوونی کێشە لە ڕەگەزەکەیدا یان بە هۆی هەوەسی نەفسی تایبەت و دیاریترینیان گۆڕینی ڕەگەزە(ترانسجێندەر)، وڵاتانی ئیسلامیش لەم کارەساتە بەدوور نینە، بڵاوبوونەوەی ئەم بیرۆکانە لەم جیهانەدا کارەساتێکی ترسناکە لە نێو کۆمەڵگادا و نەخۆشیەکی کوشندەیە، بۆیە شەریعەتی ئیسلام لە ناوەڕۆکدا بە شێوەیەکی جوان هەوڵی کۆنترۆڵی ئەم ڕەفتارنەی دەوە، بە تایبەتی ئەوانەی ڕەگەز دەگۆڕن بۆ ڕەگەزی بەرامبەر بە مەبەستی هەوەسی نەفس، ئەوا

شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام ڕێنمایی دەکات بۆ هاوسەرگیریی تاکو دوور بێت لە تاوان و سزاکان لە ڕوانگەی ئیسلامدا.

لەم توێژینەوەیە کە بەناونیشانی **(حوکمی گۆڕینی ڕەگەز(ترانسجێندەر) لە فیقهی ئیسلامی هاوچەرخدا: لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری و هەڵسەنگاندنە)**یە، باس لە حوکمی گۆڕینی ڕەگەز دەکات بۆ ئەو کەسانەی هیچ کەموکوڕی و لێڵی لە ئامێری زاوزێی و ڕەگەزەکەیدا نییە و هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ گۆڕینی ڕەگەزەکەی تاکو ڕووالەتی دەرەکی بگونجێ لەگەڵ هەست و حەزو ناوەوەی. تووشبووانی ئەم نەخۆشیە بریتین لە کەسانێك وا دەزانن ناخیان پێچەوانەی ڕووخساریانە، کە بە تێڕوانینی خۆیان ئەوانیش مافی ئەوەیان هەیە ڕەگەزێکی گونجاو بۆ خۆیان دیاری بکەن کە بگونجێ لەگەڵ هەست و دەروونی و حەزو ئارەزووی ناوەکییان، بۆیە ڕوو لە گۆڕینی ڕەگەزەکەیان دەکەن بە نەشتەرگەری، بۆیە ئێمە لەم توێژینەوە تیشك دەخەینە سەر مانای گۆڕینی ڕەگەزو حوکمی شەریعەتی ئیسلام لەم نەشتەرگەریەو گۆڕانی ڕەگەزدا لە فیقهی ئیسلامی هاوچەرخدا و شیکارکردنی.

### 1.2 کێشەی توێژینەوە:

مرۆڤ بە شێوەیەکی ئاسایی بەدەرنیە لە هەر نەخۆشیەکی جەستەیی و دەروونی لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، بەڵام هەندێکجار حاڵەتی زگماك هەیە کەموکوڕی و شێواوی ڕەگەزی لای هەندێك تاکی مرۆڤدا هەیە کە پێویست بە نەشتەرگەریی گۆڕینی ڕەگەز دەکات تاکو کەسەکە یەکلابێتەوە بۆ ڕەگەزێك. بەڵام لە پاڵ ئەمانەشدا هەندێ جار کەسەکە بەبێ ئەوەی هیچ کێشەی خەڵقی هەبێت، لە خۆیەوە حەز بە ڕەگەزی بەرامبەر دەکات و بۆ حەزو ئارزوو هەوەست هەوڵی گۆڕینی ڕەگەزەکەی دەدات، سەرچاوە میدیاییەکان لە هەرێمی کوردستان ئاماژەیان بەوە کردووە کە پرسی گۆڕینی ڕەگەزی (ترانسجێندەر) لەم دواییانەدا بە "شێوەیەکی سەرنجڕاکێش" هاتۆتە ئاراوە، چونکە خەڵک لە ڕێگەی دادگا و بەڕێوەبەرایەتییەکانی ناوخۆوە داوای گۆڕینی ڕەگەزی خۆیان لە تۆمارە فەرمییەکاندا کردووە. بە پێی سەرچاوەیەك لە کاروباری یاسایی و باری شارستانی لە سلێمانی، ئەفسەرێکی ئەم فەرمانگەیە دەڵێت "لەماوەی چەند ساڵی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕابردوودا پێنج حاڵەتی گۆڕینی ڕەگەزی لە شاری سلێمانی تۆمارکراوە، کەسانی دیکەش هەن لە پرۆسەی گۆڕینی ڕەگەزنامەی خۆیاندا، بەڵام ئەم ڕێکارانە ناتوانرێت جێبەجێ بکرێن لە ناسنامەی فەرمیدا(ناس کورد، شهرام عزیز لە سایتي 79166https://www.nasnews.com/view.php?cat= لە 2023/9/1) . لەلایەکی ترەوە دکتۆر ئەڤرام محمد پزیشکی دەرونی دەڵێت " دەکرێ بڵێین مانگانە لانیکەم سێ کەس دێن بەهۆی ئەو هەستەی کە لایەنی دەرەکییان لە ڕووی ڕەگەزەوە جیاوازە لە دیوی ناوەوەیان"(هەمان سەرچاوەی پێشوو: https://www.nasnews.com). بۆیە ئەمە کێشەیەکە لە هەرێمی کوردستان بۆتە جێگای باس و خواسی نێو کۆمەڵگاش ، لەگەڵ ئەوەی لە وڵاتانی ئیسلامی ڕێگا پێدراو نیە کەسانێك هەنە داوای دەکەن، بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە یاسا ڕێگا پێدراوە وەك وڵاتی سوید کە بەیەکەمین وڵاتی ئەورووپی دادەنرێت ڕێگای یاسایەکی تایبەت لە ساڵی (1972) ڕێگای بە گۆڕینی ڕەگەزدا، لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدەین حوکمی گۆڕینی ڕەگەزبخەینە ڕوو لەڕوانگەی شەریعەت و یاسادا.

### 1.3 پرسیارەکانی توێژینەوە:

1- مانای گۆڕینی ڕەگەزی(ترانسجێندەر) چیە؟
2- کێشەکانی گۆڕینی ڕەگەزی(ترانسجێندەر) چیە؟
3- حوکمی گۆڕینی ڕەگەزی(ترانسجێندەر) لە فیقهی ئیسلامیدا چیە؟
4- ڕای یاسای عێراقی لەسەر گۆڕینی ڕەگەزدا چیە؟

### 1.4 ئامانجەکانی توێژینەوە:

1- ڕوونکردنەوەی مانای گۆڕینی ڕەگەزی(ترانسجێندەر).
2- باسکردن لە کێشەکانی گۆڕینی ڕەگەزی(ترانسجێندەر).
3- ڕوونکردنەوەی حوکمی گۆڕینی ڕەگەزی(ترانسجێندەر) لە فیقهی ئیسلامیدا .

4- ڕوونکردنەوەی ڕای یاسای عێراقی لەسەر گۆڕینی ڕەگەزدا.

### 1.5 گرنگی توێژینەوە:

گرینگی ئەم توێژینەوە لەوە دایە کە توێژەر هەوڵی ئاشنا بوون و ڕوونکردنەوەی مانای گۆڕینی ڕەگەز (ترانسجێندەر) و کێشەکانی و گۆڕینی ڕەگەزدا لەم سەردەمەدا، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی فیقهی ئیسلامیی هاوچەرخ و یاسای عێراقی لە گۆڕینی ڕەگەز(ترانسجێندەر) لەسەردەمی ئیمڕۆدا.

### 1.6 میتۆدی توێژینەوە

ئەو میتۆدانەی ئەم توێژینەوەیە دەیگرێتەبەر و لەسەر دەڕوات بریتین لە:

میتۆدی شیکردنەوە: ئەم میتۆدە بەکاردێت بۆ شیکردنەوەی هەڵوێستی فیقهی ئیسلامیی هاوچەرخ و ڕای یاسای عێراقی لەسەر گۆڕینی ڕەگەزدا، باسکردنی مادده یاساییەکان لە ڕوانگەی فیقهی ئیسلامەوە.

میتۆدی هەڵسەنگاندن: توێژەر ئەم میتۆدە بەکاردەهێنێت بۆ هەڵسەنگاندنی مادده یاساییەکان لە یاساکانی عێراق لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامییەوە.

### 1.7 پلانی توێژینەوە:

پێشەکی

گرنگی بابەتی توێژینەوە:

کێشەی توێژینەوە:

پلانی توێژینەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باسی یەکەم : چەمکی گۆڕینی ڕەگەزی(ترانسجێندەر) و کێشەکانی

تەوەری یەکەم : مانای گۆڕینی ڕەگەزی(ترانسجێندەر) و گۆڕینی ڕەگەز ی نێرەمووك

تەوەری دووەم : کێشەکانی گۆڕینی ڕەگەزی(ترانسجێندەر)

باسی دووەم : حوکمی گۆڕینی ڕەگەزی(ترانسجێندەر) لە فیقهی ئیسلامی دا

تەوەری یەکەم : حوکمی گۆڕینی ڕەگەزی لە فیقهی ئیسلامیدا

تەوەری دووەم : ڕای یاسای عێراقی لەسەر گۆڕینی ڕەگەزدا

ئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان

## باسی یەکەم : چەمکی گۆڕینی ڕەگەزی (ترانسجێندەر) و کێشەکانی

### تەوەری یەکەم : مانای گۆڕینی ڕەگەزی (ترانسجێندەر) (transgender ) و گۆڕینی ڕەگەز ی نێرەمووك

#### یەکەم : مانای گۆڕینی ڕەگەز (ترانسجێندەر)

گۆڕینی ڕەگەز لەو دواییانە سەریهەڵدا بە پێی پەرەسەندنی زانست و زیاتر کرانەوەی جیهان بۆیە پرسێکی نوێ و تازەیە چەمکێکی نوێیە، بۆیە زانایانی ئێشووی فیقهی ئیسلامی ئەم چەمکە پێناسەیان نەکردووە چونکە ئاشنایەتیان نەبووە، بەڵام زانایانی فیقهی ئیسلامی باسی نێرەمووکیان کردووە وحوکمەکانی جیاوازە لە ڕەگەزگۆڕاو، نێرەمووکایەتی کەموکورییەکی خەڵقیە، لەگەڵ مرۆڤ لەدایکدەبێ، وا ناسێنراوە کە کەسێك ئەندامە ڕەگەزییە دیارەکانی لێڵ و نا ڕوونە بەڵام ڕەگەزگۆڕاوهیچ ناڕوونییەك لە دیاریکردنی ڕەگەزی نییە، هەروەها هیچ کەموکورییەك لە ئەندامی زاوزێی نییە" ( البار والسباعی، 1993، 315/1). کەواتە بۆ هەوەسی

نەفس و مەیلی کەسیە، لەسەردەمی ئیمڕۆدا زانایان ئەم چەمکە بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسە کراوە:

1) کۆڕبەندی فیقهی ئیسلامی لە مەککەی موکەڕەمە لە بیست و ێنجەمین خولیدا ساڵي 2003دا، لە شاري جدده شانشینی عەرەبی سعوودی. پێناسەی گۆڕینی ڕەگەزی بەم شێوەیە کردووە : مەبەست لە **(گۆڕینی ڕەگەز)** دەستکاری کردن و گۆڕینی ڕەگەزی نێر بۆ مێ یان بە پێچەوانەوەیە (ویبساتي مجمع الفقه الإسلامي الدولي https://iifa-aifi.org/).

2) پێناسەی **گۆڕینی ڕەگەزی** (ترانسجێندەر) بە پێی (جمعية علم النفس الأمريكية) "وەک چەترێکە کە هەرکەسێک ڕەگەز یان ناسنامەی جێندەری لەگەڵ ڕەگەزی بایۆلۆجی جەستەیدا ناگونجێت لە کاتی لەدایکبوون کۆیان دەکاتەوە." ( جمعية علم النفس الأمريكيةAmerican Psychological Association).

پاش ووردبوونەوە لەم پێناسەی سەرەوە **توێژەر** ڕای وایە ئەم پێناسەیە کێشەی هەیە، وە تێبینی ئەو زمانە ئایدۆلۆژییە بکە کە وەک ئەوەی ڕێگە بدات بە ڕەگەز ویستراو ببێتە ناسنامەی جێندەری ڕاستەقینەی کەسێک نەک ڕەگەزی بایۆلۆجی و لەدایکبوون، بێگومان ڕەگەز لە کاتی لەدایکبوون و تەنانەت لە کاتی دووگیانیدا بەدیاردەکەوێت، ئەمەش ڕاستی کرۆمۆسۆمە کە نێرەکان کرۆمۆسۆمی X و Y یان هەیە، لە کاتێکدا مێینە دوو جووت کرۆمۆسۆمی Xی هەیە. ئەم کرۆمۆسۆمانە لە هەموو خانەکانی لەشدا دروست دەبن، بۆیە پێویستە لەلایەنە تەندروستیەکەوە پێناسە ئەم دیاردەیە بکرێ.

**3)** پێناسەی **نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگەز:** بریتیە لە نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگەز( پیاو بۆ ئافرەت یاخود بە پێچەوانەوە) کە ئامانج لە ئەنجامدانی ئەو نەشتەرگەریە گۆڕینی ئامێری زاوزێی پیاوانە بۆ ئامێری زاوزێی ئافرەتانە و یاخود بە پێچەوانەوەو گۆڕینی ڕواڵەت وشێوەکەی لە هەردووك ڕەگەزەوە. ئەم ڕەوتە بۆ ئەو کەسانە گونجاوە کە تووشی تێکەڵاوی ڕەگەزن و ناتوانن لە گەڵ ڕەگەزی خۆیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێک بێن و لە ئاکام دا بە هیوای گۆڕینی ڕەگەزی خۆیانن بۆ چارەسەربوونی ئەم دوو لایەنە ڕەگەزیە کە هەیەیتی(**السبحانی، ٢٠١٦، ٢/١٣٥**).

**4)** هەروەها پێناسەی گۆڕینی ڕەگەز کراوە وەك لە مەرسومی یاسایی ئیتیحای وڵاتی ئیماڕاتدا لە ژمارە(4)ی ساڵی 2016دا لە ماددەی یەکەمدا هاتوو: گۆڕینی ڕەگەز: بریتیە لە گۆڕینی ڕەگەزی کەسێك کە لایەنگرتنی ڕەگەزی ڕوون بێت بە نێرو مێیاتی، ڕووکەشی ڕەگەزی جەستەی گونجاوبێت لە گەڵ تایبەتمەندییەکانی فیسیۆلۆجی و بایۆلۆجی و جیناتی. هەروەها لێکچوونی لایەنی ڕەگەزی بۆ نێر یاخود مێ نەبێت(**مەرسومی یاسایی ئیتیحای وڵاتی ئیماڕاتدا ژمارە(4) 2016**)

دوای گەڕانێکی وورد، **توێژەر** هیچ پێناسەیەك و مانایەکی لە یاسای عێراقی دەست نەکەوت سەبارەت بەم چەمکە، ئەوەش بە کەموکورتی و نەبوونی پێشوەچوون لە م یاسایانە دەردەخات، کە نەیانتوانیە هاوتەریب لە گەڵ پێشهات و پێشکەوتنەکانی جیهان بڕۆن. بۆیە پێویستە لایەنە پەیوەندارەکان بۆ ئەم مەسەلە پێناسەیەکی پوخت و تەواو بکەن بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەموکورتیەی هەیە لە یاساکاندا.

## دووەم: حوکمی گۆڕینی ڕەگەزی نێرەمووك

جۆرێک لە مرۆڤەکان هەن کە هەردوو ئامێریان هەیە کە پێیان دەگوترێت نێرەمووك ئەمانەش دابەشی سەر دوو جۆری چونکە یان نێرەموکی ناتێکەڵە یان نێرەمووکی تێکەڵ:

1) **نێرەمووکی ناتێکەڵ** : واتە خاوەنی هەردوو ڕەگەزن بەلام یەکێکیان زەقترە لەسەر ئەویتریان.
2) **نێرەمووکی تێکەڵاو**: کەسێك هەردوو ئامێری زاوزێی هەبێت بەڵام هیچیان بەسەر ئەویتریانەوە زاڵ نەبن، نە لە ڕێی میزکردن نە لە ڕێی تاقیکردنەوەی پزیشکییەوە، ئەوە لە شەریعەتی ئیسلامدا پێی دەگوترێ نێرەمووکی تێکەڵاو" ( المغنی ، 7 / 619 ).

حوکمەکانی نێرەمووکی تێکەڵاو جیاوازە لە ڕەگەزگۆڕاو، نێرەمووکایەتی کەموکوڕییەکی خەڵقیە، لەگەڵ مرۆڤ لەدایکدەبێ، وا ناسێنراوە کە کەسێك ئەندامە ڕەگەزییە دیارەکانی لێڵ و نا ڕوونە بەڵام ڕەگەزگۆڕاوهیچ ناڕوونییەك لە دیاریکردنی ڕەگەزی نییە، هەروەها هیچ کەموکوڕییەك لە ئەندامی زاوزێی نییە" ( البار والسباعي، 1993، 315/1). بۆیە ئەم جۆرەیان ڕاستکردنەوەی ڕەگەزی بۆ دەکرێت بە پێی ڕاپۆرتی پزیشکی و پێداویستی کەسەکە تاکو وەکو کەسێکی سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتی بکات لە کۆمەڵگادا(ویبساتي مجمع الفقه الإسلامي الدولي /https://iifa-aifi.org).

بوونی گرفتی نێرەموکی لە سکماکەوە لە کەسێکدا گرفتی جینیی خیلقییەو کەسی گرفتار بێتاوانە و پێویستی بە چارەسەر هەیە، ئەو جۆرە کەسانە جێگەی بەزەیین و ئەبێت پاشگوێ نەخرێن و بە چاوی سووك سەیر نەکرێن لەناو کۆمەڵگەدا، بەڵکودەستیان بگیرێت تا چارەسەر وەردەگرن و دێنەوە سەر حاڵ و باری سروشتی خۆیان، هەروەها لە سەر ئاستی حکومەت و دەوڵەتدا پێویستە هاوکاری بکرێن و گرنگیان پێبدرێت.قسەکردن لەبارەی نێرەمووك و زانیاریی لەبارەی ڕەگەزیی ڕاستەقینەیەوە گوتەی پزیشکانی جێ متمانەیە؛ چونکە لێرەدا ئەوانە ئەهلی زانستن کە خوای گەورە دەفەرمووێ: (فسألوا أهل الذكر إن كنتم لا تعلمون)[الأنبياء:٧]. پاش گەڕان و لێکۆڵینەوەو لەگەڵ پێشکەوتنی پزیشکیی هاوچەرخ، پزیشك دەتوانێ بڕوانێتە ڕژێنی زاوزێی نێرەمووك، ئایا هێلکەدانی هەڵگرتووە، یاخود گون، یا هەردووکیان؟ ئینجا دەستنیشانی ڕاستی بۆ دەکرێ. ئەم ڕێگەیە بۆ دۆزینەوە و دەرخستنی هەقیقەتی ڕەگەزی نێرەمووك ڕاستترین ڕێگەی زانایانی پێشوومان بووە (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت)، ئەوان ئیجتهادی خۆیان کردووە بەو زانیارییە پزیشکیانەی لەو سەردەمە پێیان گەییوە.

لەسەر ئەم بنەمایە، دەشێ چارەسەری نێرەمووکی تێکەڵاو بکرێت بە وەرگرتنی هۆرمۆن، یاخود بە نەشتەرگەریی بۆ لادانی ئەو نامۆیی و لێڵییەی لە ئەندامی زاوزێی هەیە، ئەوەش سوودبەخشە بۆ نێرەمووك. بە پێی فتوا و بڕیاری کۆڕبەندی فیقهی ئیسلامی لە مەککەی

موکەڕەمە لە یازدەمین خولیدا، لیژنەی هەمیشەیی توێژینەوەی زانستی و فتوا لە شانشینی عەرەبی سعوودی. **( الموسوعة الفقهية الكويتية ،١٤٠٤ - ١٤٢٧ هـ، 31 / 16)**

بە پێی ئەم بیرو رایەی سەرەوە دروست نیە نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگەز بکرێت مەگەر لە حاڵەتی نێرەموکی کە هەردوو ئەندامەکانی نێرو مێی تێدا کۆ ببێتەوە وە نابێت بۆ دیاریکردنی ناسنامەی ڕەگەزایەتی پشتببەسترێت بە هەڵسوکەوتو خواست و ئارەزوو تەنها لە دوو حاڵەت :

یەکەم: نەتوانرێت ڕەگەزەکە دیاریبکرێت وەکو ئەم نیشانانەی لە پێشدا باسمان کرد.

دووەم: ئەگەر هاتوو نەئەندامی نێرینەی پیاو نە ئەندامی مێینەی ئافرەتی نەبوو.

بۆیە جگە لەم دوو حاڵەتە دروست نیە بە هیچ شێوەیەك بە نێر یاخود مێ ئەژمار بکرێت لەسەر ئارەزوو خواستی خۆی(https://islamqa.info/ar/answers/138451).

**توێژەر** دەڵێت: شلەژان و بێ دەسەڵاتی کەسەکە بریتیە لە تاقیکردنەوەی لەلایەن خودا کە پێویستە چارەسەرو چاودێری بکرێت لە کاتی چارەسەری بۆ جێگیربوون و دیارکەوتنی نیشانەکانی نێرایەتی و مێیایەتی جەستەیی، پاشان ڕێگادراوە بۆ چارەسەرکردنی بە نەشتەرگەری پاش دیاریکردنی ڕەگەزەکەی، وە لادانی شوێنەواری دەروونی کە ببوونە هۆی شلەژانی رەگەزی بۆ کەسەکە ، چونکە بنەماو بنچینەی شەرعی ( لاضرر ولا ضرار) بی گومان ئەم وێکچوون و شلەژانە خۆی زیانە، بۆیە لادانی پێویستە بە پێی توانا ، چونکە لانەدانی لەگەڵ بوونی کەش و هەواو توانای لابردنی کەسەکە دەخاتە نێو گوناحی وێکچوون ڕەگەز(التشبه) کە بە تاوانێکی گەورە دانراوە لە ئیسلامدا.

دەوترێت کەسی ڕەگەزگۆڕاو بە دەست دۆخێکی دروونییەوە دەناڵێنێ، ئەم دۆخەش نەخۆشییەکی دەروونییە مەترسیی کەمتر نییە لە نەخۆشییە ئەندامییەکان، چارەسەری سوودبەخیش بۆی نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگەزەییە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**توێژەر** دەڵێت: ئەم دۆخە کە کەسەکە تێیدایە نەخۆشییەکی دەروونییە، کەسی تووش بوو بە دەستییەوە دەناڵێنێ، و پێویستە گرنگی بدرێتێ، و هەوڵی چارەسەری بدرێ، وەك چۆن شەرع پێداگیرە لەسەر چارەسەرکردن هەموو نەخۆشیەك بەڵام نەوەك چارەسەرکردن بۆ دەستبردن بۆ کردنەوەی دەرگاکانی حەڕامکراوەکان، چونکە هەموو نەخۆشیەك چارەسەری ڕێپێدراوی هەیە، ناکرێ مرۆڤ پەنابباتە بەر حەرامکراوەکان مەگەر لە بارودۆخی زۆر تایبەت نەبێت؛ ئەبوداود لە سونەنەکەیدا هێناویەتیەوە لە ئەبو دەرداو ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ:((إن الله عز وجل أنزل الداء والدواء، وجعل لكل داء دواء، فتداووا، ولا تداووا بحرام)) (سنن أبوداود، ٢٤/٦، رقم:٤٥). پێغەمبەر دخ فەرموویەتی: (خوای گەورە دەرد و دوای دابەزاندووە، بۆ هەموو دەردێك دەرمانی داناوە، بۆیە دەوای دەردەکانتان بکەن بەڵام بە حەرام نا)

### تەوەری دووەم: کێشەکانی گۆڕینی ڕەگەز

جۆردن پیتەرسن پرۆفیسۆری دەروونناسی لە زانکۆی تۆرۆنتۆی کەنەدا دەڵێت: "بیرۆکەی ئەوەی کە ڕەگەزی بایۆلۆجی و ناسنامەی جێندەری سەربەخۆن لە یەکتر بیرۆکەیەکی تەواو بێمانایە چونکە ٪٩٩.٧ی کەسی نێر و مێ لە ڕووی بایۆلۆجییەوە لە خودی خۆیان دەزانن نێرن یان مێن بە شێوەیەکی خۆڕسک و سروشتی، لەلایەکی تردا لێکۆڵینەوەیەک ساڵی (2016) کە لە گۆڤاری (The New Atlantis) بڵاوکراوەتەوە پێشنیاری ئەوە دەکات کە ئەو گریمانەیەی کە ناسنامەی جێندەر سەربەخۆیە لە ڕەگەزی بایۆلۆجی بە بەڵگەی زانستی پشتگیری نەکراوە، سەرەڕای ئەم ڕاستییانە، بزووتنەوەکانی (ترانسجێندەر) هێشتا سوورن لەسەر جیاکردنەوەی ڕەگەزی بایۆلۆجی لە ناسنامەی جێندەری بە بیانووی پێشکەوتن و ئازادی و ڕۆشنگەری، کە وای لە نووسەری ئەمریکی ئەشلی مکگیەر کرد بڵێت "بیرۆکەی ناسنامەی جێندەری ئێستا بژاردەیەکی کەسی و هەوەسیە بۆ ئەوەی بە ڕۆشنگەر دەربکەوێت ، بەڵام لە ڕاستیدا پێچەوانەی زانستی سەردەم، سایتي الجزيرة: (27/9/2018https://www.aljazeera.net/midan/intellect/sociology/). ئاشکرایە کە خوای گەورە مرۆڤی بە ڕەگەزەکانی نێر یان مێ دروست کردووە، ئینجا هەندێ جار کەسانێک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەبێ ئەوەی هیچ کێشەیەکی خەڵقیان هەبێت، لە خۆیانەوە حەز بەوە دەکەن ڕەگەزی خۆیان بگۆڕن بۆ ڕەگەزی بەرامبەر لەڕێی نەشتەرگەریەوە بۆ هەوەسی نەفسی.

بۆیە **توێژەر** پێی وایە یەکێك لەو خراپیانەی لەسەر گۆڕینی ڕەگەزی کەڵەکە دەبێ کە پتر بۆ بەرژەوەندی هەوەسی نەفسی کەسەکە دەبینرێت لە چێژوەرگرتنی ڕەگەزە هاوشێوەکان لە یەکتر ، بۆیە دەرەنجامی ئەم گۆڕینەش بریتیە لە خراپەکاریی و تاوان  و بەدترین ڕەوشت، هەروەک دەستکاری کردنی دروستکراو خوای گەورەشە و تاوانێکی گەورەیە وسزاکەشی زۆر قورسە.

هەروەها هەندێ لەو پزیشکانەی ئەم نەشتەرگەریانەیان ئەنجام داوە، پێیان وایبووە ئەگەر ئەم کەسانە گەر ئەم نەشتەرگەرییەیان بۆ نەکرێ ئەوا ڕەنگە خۆیان بکوژن وەك پاساودانی ئەنجامدانی ئەم نەشتەرگەرییەیانە، ئەمەش بەڵگەیەکی زۆر لاوازە؛ چونکە پاراستنی دەروونێکی خراپ گرنگتر نییە لەوەی بکرێتە کانگە و سەرچاوەی خراپەکاری لە کۆمەڵگادا سایتي الجزيرة: (27/9/2018https://www.aljazeera.net/midan/intellect/sociology/).

پرۆفیسۆری دەروونناسی ئەمریکی پۆڵ مکهۆ دەڵێت: "ئەوەی کە بڵێن ئەمە کێشەی مافی مرۆڤە و هاندانی خەڵکە بۆ نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگەز لە ڕاستیدا هاوکاری و هاندانی نەخۆشییەکی دەروونییە."، ماکهۆگ ئاماژە بە دوو توێژینەوەی جیاواز دەکات، یەکێکیان لەلایەن (زانکۆی ڤاندەربیڵت) و ئەوی دیکەیان لەلایەن (نەخۆشخانەی پۆرتمان) ئەنجام دراوە، کە دوو لێکۆڵینەوەکە ئاماژە بەوە دەکەن کە ٧٠٪بۆ ٨٠٪ی ئەو منداڵانەی کە هەست بەم نەخۆشیە دەکەن و چارەسەری پزیشکی یان نەشتەرگەرییان بۆ نەکراوە، بە تێپەڕبوونی کات ئەم هەستی گۆڕینی ڕەگەزیان لەدەستداوەو چاکبوونەوە ( https://www.aljazeera.net/midan/intellect /27/9/2018/sociology/ ) ، ئەمەش بەو مانایەیە  دێت کە کێشەکەیان حاڵەتێکی لەناکاو بوو کە پێویستی بە چارەسەرکردن و مامەڵەکردن لەگەڵیدا هەبوو وەک چۆن هەر نەخۆشییەکی دەروونی یان تێکچوونێکی دەروونی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت،لێرەدا دەردەکەوێت ئەم مەسەلە

مەسەلەیەکی بانگەشەو شێواندنی کۆمەڵگایە لە ژێ چەتری مافی مرۆڤ و هەوەسو ئازادی. بۆیە بۆمان دەردەکەوێت گۆڕینی ڕەگەز بەو شێوەی تاوانەو خراپەی زیاتر دەهێنێت بۆ نێو کۆمەڵگا بەمەش بەدیاردەکەوێت کە ئەمە بابەتێکی پڕ کێشەیە و زۆر نەشیاوە.

ئەم مسەلەیە کێشەی تێدایە لە ڕوانگەی شەرعەوە هەم لە ڕووی دابو نەریتیشەوە، وە تێکچوونی تەواوی شیرازەی خێزان وبگرە کۆمەلگاشی تێدایە. ئینجا گەر ئافرەتەکە هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێك کرد، پیاوەکە ڕەگەزی خۆی گۆڕی، هاوسەرگیرییەکە هەڵدەوەشێتەوە لە کاتی گۆڕینەکە، لەگەڵ گواستنەوەکە مارەیی دەکەوێتەوە سەر(السبحاني، ١٣٥/٢).

لە ســاڵی (٢٠١١) دا دامەزراوەی (کارلۆنسـکای سـوید) لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی درێژخایەنی ئەنجامدا بۆ بەدواداچوون بۆ (324) کەس کە نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگەزیان بۆ کراوە و زیاتر لە (٣٠) سـاڵ چاودێری کراون. توێژینەوەکە دەریخسـتووە کە دوای( 10 ) سـاڵ لە پرۆسـەی گۆڕینی ڕەگەز، کەسـانی ترانسـجێندەر بە دەسـت کێشـەی دەروونی دەناڵێنن. لەوەش سەرسورهێنەرتر، ڕێژەی خۆکوشتن لەوانەی نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگەزیان ئەنجامداوە( 19) ئەوەندە زیاتر بووە بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی خۆکوشـتن لەنێو ئەو کەسـانەی کە ڕەگەزیان نەگۆڕیوە. (ڕاپۆرتێك بە ناونیشـانی (التحول الجنسـي.. ضـرورة بيولوجية أم مسـخ للإنسـان) نـووسـەر إبـراهـيـم الـسـيـد بـڵاو کـراوەتـەوە لـە (2018/9/27) وێبسـایـتـی : 8/%D27/9/2018https://www.aljazeera.net/midan/intellect/sociology/ %).

لەلایەکی ترەوە بانگەشەی گۆڕینی ڕەگەز حەزێك و خولیایەکی کەسیە و دەبێت ڕێز لە و حەزو ئارەزووە بگیرێت و نابێت فەراموش بکرێت و ڕێگای لێبگیرێت و دەچێتە بابەتی ئازادي تاك و سەربەخۆی و دەست تێوەردان لە بابەتی کەسی.

**توێژەر** دەڵێـت: لە ڕیزی خراپەکـارییە کەڵەکەبووەکـانی سـەر گۆڕینی ڕەگەز، هەڵتەکـانـدنی قەوارەی خێزانە و بـابـەتـەکـە لە حـەزو ئـارەزووی تـاکـە کـەس گـەورەترەو دەبێت ڕەچاوی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرژەوەندی گشـــتی لە پێش بەرژەوەندیە تاکەکان بکرێت. کە ئافرەتێك دەچێتە ژووری نەشـــتەرگەری تاکو منداڵدان و ئامێری زاوزێی هەڵکەنێت و بگۆڕدرێت و ببێتە پیاوێکی ڕاســـتەقینە، ئیتر ناتوانێ کۆرپەلە لە ســـکیدا هەڵگرێت، چونکە بۆتە پیاو و ژن نەماوە، ئینجا پەیوەندی لەگەڵ ژنێکی تر پەیدا دەکات، ئیتر نە خێزان لەســـەر بنمای دروســـت و مرۆڤیانەی خۆی دەمێنێت و وەچە هێنان دەکەوێتە مەترســـی لەســـەر زەویدا. ڕێگادان بەم کردەیە کاریگەریی یەکجارەکی لەسەر مانەوەی جۆری مرۆڤیش دەبێ، وەچەخستنەوە کەم دەکاتەوەو بەرەو لەناوبردنی دەبات، لە کاتێکدا مەبەســتی شــەریعەتی ئیسلامی پاراســتنی کۆمەڵگەیە لە ڕێی پاراستنی مرۆڤایەتی لە ڕێگای وەچە، بۆیە شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام خەساندنی نێرینەی قەدەغەکردووە هەروەك عبد الله کوڕی مسعود دەڵێت : (کنا نغزو مع رسول الله صلى الله عليه وسلم ، وليس لنا شيء ، فقلنا : ألا نستخصي ؟ فنهانا عن ذلك) . (البخاری ،2001، 5/ 1952،رقم الحـديـث 4787 )، پێغەمبەری خودا قەدەغەی کروون، هەروەهـا لادانی ئەو ئـامێرانەشـــ قەدەغەکردووە کە لای مێیینە منداڵدەخەنەوە، بەڵگەی بڕیاری (مجلس مجمع الفقه الإسـلامی ) کە گرێدراوە لە وڵاتی کوێت لە دەورەی پێنجەم لە ســاڵی 1409هـــــ دەڵێت : (يحرم استئصال القدرة على الإنجاب في الرجل والمرأة، وهو ما يعرف (بالإعقام) أو (التعقيم) ، ما لم تدع إلى ذلك ضرورة بمعاييرها الشرعية). بۆیە پێویستە ڕێ بگیرێ لە کەسانی دەروون شێواو ڕەگەزیان بگۆڕن، بۆ ئەوەی هاوتەریب بێت لەگەڵ مەبەستی پاراستنی وەچە چونکە ڕەگەزگۆڕاوەکان پتر تووشــی نەخۆشــی جۆراوجۆر و بیرکردنەوە خۆکوژییەکان دەبنەوە. شــەریعەتیش هاتووە بۆ پاراستنی نەفسی مرۆڤ، قەدەغەی کردووە لە هەرچییەکی نەفس بخاتە مەترسییەوە؛ بەمەش ئەم گۆڕینە ڕەگەزییە، دژ دەبێتەوە لەگەڵ مەبەســـتەکـانی شـــەریعەت کەوا ئـامـانجی پاسەوانیکردنی ژیانی مرۆییە.

**توێژەر** بە پێویستی دەزانێت بە دانانی بۆردێکی پزیشکی پسپۆڕ بۆ ئەم حاڵەتانەی دوانەیی ڕەگەزیی ئەندامیی بۆ دیاری کردنیان لە کاتێکی زووەوە بە یارمەتی جۆرە پشکنینانە لە ساتی لەدایکبوونی منداڵ، تاکو لە تەمەنێکی زووەوە چارەسەری بۆ بکرێت، نەکا پەروەردە بکرێت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەسەر ڕەفتاری ڕەگەزێکی دیاریکراو، کەوا لە ڕووی پزیشکییەوە یەکلاکەرەوە نەبووبێت دواتر ببێتە کێشە بۆی لە کاتێك گەورە دەبێت.

## باسی دووەم : حوکمی گۆڕینی ڕەگەزی لە فیقهی ئیسلامی و یاسای عێڕاقی دا

### تەوەری یەکەم : حوکمی گۆڕینی ڕەگەز لە فیقهی ئیسلامیدا

حوکمی گۆڕینی ڕەگەز بۆ ئەو کەسانەی هیچ کەموکوڕی و لێڵیی لە ئامێری دیاری زاوزێی نییە، بەڵکو ئەم ئاڵوگۆڕە دەکات تەنها بۆ هەوەسی نەفس تاکو ڕوواڵەتی دەرەکی بگونجێ لەگەڵ حەزو ئارەزووەکانی، کۆدەنگی زانایان لەسەر گۆڕینی ڕەگەز حەرامە و تاوانێکی گەورەیەو سزاکەشی سەختە لەسەر ئەو کەسەی ڕەگەزەکەی خۆی دەگۆڕێت بۆ هەوەسی نەفس و حەزو ئارەزووەکانی ، ئەمەش ڕای زانایان هاوچەرخە لەوانەش: کۆڕبەندی فیقهی ئیسلامی لە مەککەی موکەڕەمە( **الموسوعة الفقهية الكويتية ،١٤٠٤ - ١٤٢٧ هـ، 31 / 16**).

هەروەها ئەنجومەنی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (5) لە بەرواری 2022/6/15م، دوای ئەوەی ژمارەیەك هاوڵاتی پرسیاریان کرد سەبارەت بە حوکمی گۆڕینی ڕەگەز لە نێرەو بۆ مێ یان بە پێچەوانەوە، ئەنجومەن بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە:

"گۆڕینی ڕەگەز لەبەر ویست و حەز و ئارەزووی کەسی لە نێرەوە بۆ مێ یا بەپێچەوانەوە، لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دا بە هیچ جۆرێك ڕێگە پێدراو نییەو و دروست نیەو حەرامە، چونکە ئەوە گۆڕینی یاسا و ڕێسای خوای گەورەیە, و پێی دەوترێت (تغيير خلق الله) وبۆ هیچ کەس نیە ئەو سنوورە ببەزێنێ ودەستکاری نەخش و ودروستکراوی خوای گەورە بکات و، ئەم کارە ساختەو گزی خەڵەتاندنی تیادایەو کاری شەیتانە، دەربارەی ئەم کارە خوای گەورە لە سورەتی (النساء) ئایەتی(119): دەفەرموێت: (وَلَأُضِلَّنَّهُمْ وَلَأُمَنِّيَنَّهُمْ وَلَآمُرَنَّهُمْ فَلَيُبَتِّكُنَّ آذَانَ الْأَنْعَامِ وَلَآمُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ اللَّهِ وَمَنْ يَتَّخِذِ الشَّيْطَانَ وَلِيًّا مِنْ دُونِ اللَّهِ فَقَدْ خَسِرَ خُسْرَانًا مُبِينًا).

وە هەر پزیشك یاناوەندێکی پزیشکی بەشدار بێت لەم جۆرە نەشتەرگەریانەدا گوناهبارەو بەشدارە لەو کارە حەرامە" (https://zanayan.org ).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەڵگەکانی حەرامی گۆڕینی ڕەگەز بۆ هەوەسی نەفس و حەز و ئارەزووی:

**بەڵگەی یەکەم: فەرمایشتی خوای گەورە:** (وَلَأُضِلَّنَّهُمْ وَلَأُمَنِّيَنَّهُمْ وَلَآمُرَنَّهُمْ فَلَيُبَتِّكُنَّ آذَانَ الْأَنْعَامِ وَلَآمُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ اللَّهِ ۚ وَمَن يَتَّخِذِ الشَّيْطَانَ وَلِيًّا مِّن دُونِ اللَّهِ فَقَدْ خَسِرَ خُسْرَانًا مُّبِينًا) [النساء:١١٩]، ڕوانگەی گوزارشتی لەم ئایەتە پیرۆزە: خوای گەورە تێیدا ڕێگەکانی شەیتانی نەفرەتی بۆ گومڕاکردنی بنیادەم ڕوون دەکاتەوە، لە ڕیزی ئەو ڕێگانەی گۆڕینی خەڵقی خوا و یاریکردن پێی بەبێ پێویست و نەشتەرگەری گۆڕینی گۆڕینی ڕەگەزی دروستکراوی خوایە و یاریکردنە بە لاشەی مرۆڤ بەبێ پێویستی (الشنقيطي، ١٩٩٤ز).

ئەو دەقانە ڕوونن لە هێنانەوەی بەڵگەکان و لێکدانەوەیان کە گوزارشت دەکات لە قەدەغەکردنی گۆڕینی خەڵقی خوا ، بۆیە بەڵگە هێنانەوەی ڕاست و درووستە و بۆ حەرامکردنی، ئینجا یەکێك لەو شێوانەی گۆڕینی خەڵقی خوا کە شەیتان بۆ گومڕاکردن بریتییە لە گۆڕینی ڕەگەز. وەك چۆن نەهیکردن لە خۆچوواندنی نێر بە مێ و مێ بە نێر، مەسەلەیەکە کۆدەنگی لەسەرە، بۆیە ڕەگەزگۆڕاو تەنانەت لە بازنەی خۆچوواندنی (التشبه )بەشێکی دەرچووە و بەرەو خراپتر و نالەبارتر.

ئەگەر بڵێین بۆ ناسینی ڕەگەزی کەسەکان بە ئەندامەکان دیاریی ناکرێت، بەڵکو لەپاڵ ئەندامەکان ئەو هەستەی مرۆڤیشە لە ناخەوە کە پێی وایە نێرە یاخود مێ، ئەم هەستە دەروونییە ناوەکییەش دەردەکەوێ لە ڕەفتاری و جلوبەرگەکانی و ئەو ڕۆڵەی کە لە کۆمەڵگەدا دەیگێڕێ، هیچ کەسیش ناتوانێ لە خودی کەس بگات وەك ئەوەی خۆی تێی دەگات.

**توێژەر** دەڵێت: دیاریکردنی ڕەگەزی کەسەکان لە شەرعدا قبووڵ نەکراوە پشتبەستن بە هەست و نەستی ناوەخۆی کەسەکە چونکە جیاوازیی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە لە میانەی سیفەت و خاسێتی دیاری هەردووکیانەوە دەبێت. بۆ نموونە خوای گەورە سیفەتی تایبەت بە ئافرەتانی باسکردووە کەوا پیاوان تێیدا بەشدار نین، وەك سکپڕی و منداڵبوون و شیردان و سوڕی مانگانە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم ئایەتانە گوزارشتی ڕوونیان تێدایە کە ئەم خاسێتانەی باسکراون تێیاندا، گوزارشت لە مێیاتی ئافرەتان دەکەن ، ئەوەش بەسە بۆ جیاوازیی لە نێرینە.

پێشخستنی هەستەکانی مرۆڤ، بەو شێوەیە بایەخی دەبێ کەوا لەلایەن کەسانی دەروون درووستەوە بێت نەوەك دەروونی نەخۆش و نالەبار ، هەندێ زانایان وەك نەوەوی -ڕەحمەتی خوای لێ بێ- (النووی، ١٩٩١م، ٧٨/١) لە مەسەلەی نێروموکی تێکەڵ باسی ئەوەیان کردووە کەوا پەنا نابردرێتە بەر مەیل و هەستی مرۆڤ، مەگەر بە مەرجی دەستەوەستان لە بەرامبەر نیشانە دیارەکانی وەك میزکردن و منداڵبوون و سکپڕی. خاڵی توێژینەوەشمان ئەو کەسەیە کە هیچ کەموکوڕی لە خەڵقبوونی نییە، و هەموو نیشانەکانی ڕوونن، بۆیە ئەمە ئەولاترە نەوەك هەست و مەیلی دەروونی.

گۆڕینی ڕەگەز بۆ حەزو ئارەزووی نەفس دژی مەبەستەکانی شەریعەتە، لە مەبەستەکانی شەریعەت پارێزگارییە لە ئایین و فیترەتی مرۆڤەکانە ، خودای گەورە دەفەرمووێ: (ولو اتبع الحق أهواءهم لفسدت السموات والأرض ومن فيهن)[المؤمنون:٧١]. شوێنکەوتنی هەوەس و ئارەزوو، خراپەکاریی لە زەوی و ئاسمانەکان دەخاتەوە؛ چونکە هەوەسی خەڵکە جیاجیا و دژیەکن، بەپێی بایەخی کەسی و بەرژەوەندیی تاکە، گەر دین کۆنترۆڵی خەڵك لە کردەوەکانیان نەکات، ئەوە دژایەتی و هەڵکوتانە سەر یەکتر و جەستە و ماڵ و نامووس دەبێتە باو. ئەمەش لە ڕەگەزگۆڕاوەکان دەردەکەوێ کە هەست و هەوەس و ئارەزوویان دەخەنە پێش حوکمی خوا؛ ئیتر ئەوەی ڕوویدا ڕوویدا لە دژایەتیکردنی خود و ئەتککردنی نامووس.

**بەڵگەی دووەم:** بریتیە لەو فەرمایشتانەی پێغەمبەر (د.خ) کە نەهی لە خۆچوواندنی ژنان بە پیاوان و پیاوان بەژنان دەکەن، لەمانیش:

١. ئیبن عەباس ڕەزای خوایان لێ بێت، دەڵێ:(لعن رسول الله صلى الله عليه وسلم المتشبهين من الرجال بالنساء، والمتشبهات من النساء بالرجال) [البخاري ١٥٩/٧، رقم٥٨٨٥] پێغەمبەری خوا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(د.خ) نەفرەتی لەو پیاوانە کردووە خۆیان بە ئافرەتان دەچووێنن، لەو ژنانەش خۆیان بە پیاوان دەچووێنن.

٢. لەفەرمودەی صەحیحدا هاتووە: (لَعَنَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ المُخَنَّثِينَ مِنَ الرِّجَالِ، وَالمُتَرَجِّلاَتِ مِنَ النِّسَاءِ، وَقَالَ: «أَخْرِجُوهُمْ مِنْ بُيُوتِكُمْ) ( البخارى 159/7، رقم: 5886 ) لە شەریعەتدا تەنانەت هەموو جۆرە خۆشوبهاندنێکی نێر بە مێ یان مێ بەنێر حەرام کراوە .

ئەبو هورەیرەوە ڕەزای خوای لێبت دەڵێ: (لعن رسول الله صلى الله عليه وسلم الرجل يلبس لبسة المرأة، والمرأة تلبس لبسة الرجل ) [أبو داود ١٩٥/٦، رقم: ٤٠٩٨]) پێغەمبەری خوا دخ نەفرەتی لەو پیاوە کردووە جلکی ژنان بپۆشێت، و ئەو ژنەشی جلکی ژنان بپۆشێت.

3. (قيل لعائشة رضي الله عنها: إن امرأة تلبس النعل، فقالت :لعن رسول الله صلى الله عليه وسلم الرَّجُلة من النساء) [ئەبو داود ١٩٥/٦، رقم: ٤٠٩٩]گوتیانە عائیشە ڕەزای خوای لێ بێت: ژن هەیە نەعل لەپێ دەکات، ئەویش گوتی (پێغەمبەری خوا دخ نەفرەتی لەئافرەتانی کوڕانی کردووە.

لەم فەرمایشتانە بەدیاردەکەوێت کەبە شێوەی ڕاستەوخۆ و بە دەق نەفرەت کراوە لەو پیاوانەی خۆیان دەچووێنن بە ئافرەتان و ئەو ئافرەتانەی خۆیان بە پیاوان دەچووێنن جا بە هەر وێنەیەك بێت لە وێنەکانی خۆچوواندن، چ جلوبەرگ چ هەڵسوکەوت چ لە شێوە و خەڵق. نەفرەت حەرامبوونی کارێکی نەفرەتی دەخوازێ، بەڵکو گوزارشت لەوە دەکات لە ڕیزی تاوانە گەورەکاندایە، بەڵکو خراپتریشە لە تەنیا خۆچوواندن، کە بە هۆیەوە پیاو دەبێتە ئافرەت و ئافرەتیش دەبێتە پیاو .

**توێژەر** دەڵێت: شوێنکەوتنی هەست و خواست حەزو ئارەزووەکانی ناوەکی مرۆڤ و مەیلی دەروونی لە ڕووی شەرعەوە قبووڵ نەکراوە، بۆیە لە ڕوانگەی حوکمە شەرعییەکان وەك پاساو هێنانەوە دەگوترێت (هەستکردن شتێکە لە دەرەوەی کۆنترۆڵە) تەنیا بانگەشەیەکە کەس ناتوانێ بە ڕاستی بزانێ. ئینجا ئەو کاتەش کارەساتەکە قورستر دەبێت کە پیاوێك دوای ساڵانێك لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گۆڕینی ڕەگەزەکەیەوە کە هەست بکا ئەوە مێیە، دەیەوێ بگەڕێتەوە سەر مێیاتییەکەی دوای گۆڕینی، بێگومان ئەمە دەبێتە هۆی دژایەتی لە حوکمەکان و کێشە لە کۆمەڵگە.

**تەوەری دووەم : ڕای یاسای عێراقی لەسەر گۆڕینی ڕەگەزدا**

پرۆسەی گۆڕینی ڕەگەز دەبێتە هۆی کاریگەری لەسەر بابەتی باری کەسی بەتایبەت لەسەر گرێبەستی هاوسەرگیری، بەو پێیەی بنەمای گرێبەستی هاوسەرگیری پەیوەندی نێوان پیاو و ئافرەت ڕێکدەخات و ئاسەواری یاسایی دروستدەبێت لە نێوانیاندا، ئەنجامدانی پرۆسەی گۆڕینی ڕەگەز دەبێتە هۆی جێبەجێنەکردنی ئەم مەرجە ، پاشان گرێبەستی هاوسەرگیری لە ساتەوەختی ئەنجامدانی پرۆسەکەوە هەڵدەوەشێتەوە.

وەك ڕوونمان کردەوە لە پێشوودابە بۆچوونی زانایاني شەریعەتی ئیسلامیدا گۆڕینی ڕەگەز ڕێگەپێدراو نییە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە گۆڕینی ڕەگەز گۆڕانکارییە لە دروستکردنی خودای گەورەداو قەدەغەیە، هەروەها دروستبوونی کۆمەڵە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و خێزانی و تێکچوونی شیرازەی خاو خێزان و پەیوەندی هاوسەرایەتی بۆیە گۆڕینی ڕەگەز ڕێگەپێدراو نیە، هەرچەندە لە یاسا عێڕاقیدا هیچ مادەیەك باسی گۆڕینی ڕەگەز نەکردووە، ئەمەش وەك کەلێنێکی یاسای و کەمووکورتیەك دادەنرێت، یاسادانەری عێراقی پێویستە یاسایەک دەربکات کە نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگەز کە پزیشکەکان ئەنجامی دەدەن بۆ کەسێک کە دەیەوێت ڕەگەزی خۆی لە نێرەوە بگۆڕێت بۆ مێ یان بە پێچەوانەوە بە تاوان بزانێت، چونکە ئەو جۆرە نەشتەرگەریانە مەترسی لەسەر سەلامەتی جەستەیی دروست دەکەن، هەروەها کاردانەوەی لەسەر ئەخلاقی دەبێت ، ئاستی کۆمەڵایەتی، و یاسایی.

لەلایەکی ترەوە وەزارەتی ناوخۆی عێراق پشتیوانی خۆی بۆ یەکەم ڕاستکردنەوەی ڕەگەزی هاوڵاتیەکی عێراقی ڕاگەیاند. وەزارەتی ناوخۆ گرتەیەکی ڤیدیۆیی بڵاوکردەوە کە تیایدا ڕاوێژکاری وەزیری ناوخۆ (وەهاب الطائي) چاوی بە گەنجێک کە دەیەوێت بە شێوەیەکی فەرمی ڕەگەزی خۆی ڕاست بکاتەوە لە نێرەوەبۆ مێ، لە ئەنجامی ئەوەی ناهاوسەنگی لە هۆرمۆنەکاندا هەیە(https://www.alaraby.co.uk). لێرەدا دەردەکەوێت بێسەروبەریەکی ڕوون هەیە

لە وڵاتی عێراقدا کە ڕێگادراوە بە ڕاستکردنەوەی ڕەگەز بە بێ بوونی یاساو ڕێسایەکی ڕێکوپێکدا، ئەمەش کەمووکورتیەکی ڕوونە لە یاساکانی عێراقیدا.

**توێژەر** پێیوایە پێویستە لایەنی یاسادانەری عێراقی بە کار بکەن لەسەر دانانی یاسایەکی تایبەت بەم پرسەوەو ڕێکخستنی لەڕوانگەی یاسای شارستانی و سزادان و باری کەسی و بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردە نامۆیە هەنووکەیە.

بۆیە پێویستە عێراق دەستپێشخەری دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بکات بەم دیاردەیە، هەروەك لەم دواییانەدا (ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی) یاسای بەرپرسیارێتی پزیشکی فیدراڵی ژمارە ٤یساڵی ٢٠١٦ی دەرکرد. بڕیاری قەدەغەکردنی ئەنجامدانی نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگەزیدا، هەروەها سزای بەسەر پزیشکی ئەنجامدەردا سەپاند، ئەمەش ئەوەیە کە مادەی پێنجەم ئاماژەی پێدەکات: قەدەغەیە پزیشک نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگەز ئەنجام بدات.

یاساکە سزای ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە سەرپێچی برگەکانی مادەکانی پێشوو دەکەن ئەمە لە بەشی پێنجەمدا هاتووە و ئەمەش ئەوەیە کە مادەی (٣١) ئاماژەی پێدەکات: هەرکەسێک سەرپێچی بکات ئەم یاسایە سەرپێچی بکات، سزا دەدرێت بە زیندانیکردن بۆ ماوەی کەمتر لە سێ ساڵ و لە دە ساڵ زیاتر نەبێت برگەکانی مادەی (٥/٩)ی ئەم یاسایە. هەروەها **توێژەر** پێشنیاری بۆ یاسادانەری عێراق دەکات کە توندترین سزا بەسەر ئەو پزیشکەدا بسەپێندرێت کە نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگەز ئەنجام دەدات، لە ئەگەری ئەوەی پێویست نەکات.

پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان ڕاستکردنەوەی ڕەگەزو گۆڕینی ڕەگەز (ترانسجێندەر)، ڕاستکردنەوەی ڕەگەز ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە تووشی شێواندنی ئەندامی زاوزێی دەبن کاتی لە دایکبوون ، یان نەخۆشی کرۆمۆسۆم، چونکە ئەم حاڵەتە نەخۆشییە و پێویستی بە نەشتەرگەری هەیە بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەگەزی زاڵ بەسەر ئەوی تردا. سەبارەت بە ترانسجێندەر، ئەمە لەسەر بنەمای پاساو ی یاسای ڕاپۆرتی پزیشکی نییە بەڵکو بابەتەکە ئارەزووە لەلایەن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەسەکەوە لەبەر هۆکاری جۆراوجۆر، جا ڕەفتاری یان دەروونی بێت لە کەسدا، کە پێویستی بە چارەسەری دەروونی هەیە نەک نەشتەرگەری.

بانگەشەی نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگەز بۆ ئەوانەی دەناڵێنن بە دەست دووانەیی ڕەگەزی(نێرو مێ)، کە بریتی بێت لە باشترین چارە بۆیان، بابەتێکی جێ گومان و مشتومڕە، تەنانەت لەنێوان پزیشکان و پسپۆڕانی بواری پزیشکی. ئینجا پێویستە دەستوەردانی پزیشکی لەژێر کۆنترۆڵی شەرعدا بێت، لەوانە چارەسەری بە فەدەغەکراوەکان، ئەم جۆرە چارەسەرە گومانکراوە بە حەرام دادەنێرێت بە دەقی قورئان و سوننەت، هیچ بەڵگەی یەکلاکەرەوە و لێکۆڵینەوەی تەواو نییە بۆ بەیانکردنی سوودی ئەم جۆرە نەشتەرگەرییە بۆ کەسانی تووشبوو بە شێواوی ناسنامەی ڕەگەزی.

وەڵامی **توێژەر** بریتیە لە:  لە گۆڕینی ڕەگەزدا، فێڵ و تەڵەکەی تێدایە حەقیقەتی خۆی دەشارێتەوە و پێچەوانەکەی دەخاتەڕوو، دروست نییە مرۆڤ هەموو کۆمەڵگەکەی بخەڵەتێنێ، بڵێ من مێم، لە حەقیقەتدا نێر بێت، ئینجا داوا لە دەوروبەری بکات کەوا مامەڵەیەکی مێیانەی لەگەڵ بکەن،  گۆڕینی ڕەگەز، پاساوێکە بۆ خراپەکاری تر، وەك بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە ڕەگەزییەکان، و پەیوەندی هاوڕەگەزبازی، و دژایەتی لە حوکمەکان، کەوتنەوەی کێشە و گرفت لە خێزان و کۆمەڵگە.ئەگەر بگوترێت  گۆڕینی ڕەگەزی ناچێتە ناو ئەم نەهیکردنەی کە لە فەرموودەکان هاتووە لە خۆچوواندن لە ڕووی دەرەوە و هەڵسوگەوت بەڵکو چڕکراوەتەوە لە پۆشاك و جوانکاری و قسەکردن و ڕۆیشتن ، چونکە ئەوانە خۆیان بە ئافرەتان ناچووێنن بەڵکو هەست دەکەن کەوا ئافرەتن، هەستێکی وا کەوا بەسەر گشت بیر و سۆزیاندا زاڵە، لە ئازار و ئاستەنگێکی توندی دەروونیدان، هەوڵدەدەن خۆیان ڕزگار بکەن لەم دوانەییە ڕەگەزییە، جا ئەگەر نەشتەرگەریی گۆڕینی ڕەگەزییان بۆ ئەنجام بدرێ، ئەوا هەست دەکەن گەڕاونەتەوە سرووشتی ڕاستەقینەیان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**توێژەر** بە پێویستی دەزانێت بو دەرکردنی یاسایەکی تایبەت لەلایەن حکومەتەوە کە پەیوەست بێت بە گۆڕینی ڕەگەز، کە هاوتەریب بێت لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی، بۆ ئامادەکردنی ئەم یاساییە پێویستە هەموو پسپۆڕانی پەیوەست بەم پرسە ئامادەییان هەبێت،

بۆیە **توێژەر** پێشنیار دەکات بە تایبەتکردنی شوێنێکی تایبەت لە نەخۆشخانەکان بۆ چارەسەرو بەدواداچوونی نەخۆشییە دەروونییەکان و ئەو کەسانە لەو بیروباوەڕی نەخۆشی گۆڕینی ڕەگەزی زاڵبۆوەتە سەر بیرکردنەوەیان ، هەروەها هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ ڕەفتاری ئاسایی و هەستکردنیان بە ناسنامەی ڕاستەقینەی ڕەگەزیان، بۆ لادانی مەترسی کە هەڕەشە لە کۆمەڵگە دەکات.

**کۆتایی**

**یەکەم: ئەنجامەکان :**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە دا ئەنجامەکان بریتین لەم خاڵانەی خوارە:

**1**- گۆڕینی ڕەگەز لەو دواییانە سەریهەڵدا بە پێی پەرەسەندنی زانست و زیاتر کرانەوەی جیهان بۆیە پرسێکی نوێ و تازەیە.

**2**- پشتبەستنی کۆی زانایان بە حەرامکردنی ئەم گۆڕینە بە دەقی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) کە باس لە قەدەغەکردن و حەڕامبوونی ئەم نەشتەرگەریە دەکەن و دەکەوێتە بابەتی خۆچوواندنی پیاو بە ئافرەت و ئافرەت بە پیاو.

**3**- حوکمی گۆڕینی ڕەگەز بۆ ئەو کەسانەی هیچ کەموکوڕی و لێڵیی لە ئامێری دیاری زاوزێی نییە، بەڵکو ئەم ئاڵوگۆڕە دەکات تەنها بۆ هەوەسی نەفس تاکو ڕوواڵەتی دەرەکی بگونجێ لەگەڵ هەستی ، گۆڕینی ڕەگەز حەرامە و تاوانێکی گەورەیەو سزاکەشی سەختە لەسەر ئەو کەسەی ڕەگەزەکەی خۆی دەگۆڕێت، ئەمەش ڕای زۆرینەی زانایان هاوچەرخە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**4**- لە گۆڕینی ڕەگەزدا، فێڵ و تەڵەکەی تێدایە حەقیقەتی خۆی دەشارێتەوە و پێچەوانەکەی دەخاتەڕوو، دروست نییە مرۆڤ هەموو کۆمەڵگەکەی بخەڵەتێنێ، گۆڕینی ڕەگەز، پاساوێکە بۆ خراپەکاری تر، وەك بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە ڕەگەزییەکان و پەیوەندی هاوڕەگەزبازی، کەوتنەوەی کێشە و گرفت لە خێزان و کۆمەڵگە.

**5**- بە بۆچوونی زانایاني شەریعەتی ئیسلامیدا گۆڕینی ڕەگەز ڕێگەپێدراو نییە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە گۆڕینی ڕەگەز گۆڕانکارییە لە دروستکردنی خودای گەورەداو قەدەغەیە

**6**- لە یاسا عێڕاقیدا هیچ مادەیەك باسی گۆڕینی ڕەگەز نەکردووە، ئەمەش وەك کەلێنێکی یاسای و کەمووکورتیەك دادەنرێت

**دووەم: ڕاسپاردەکان :**

١. دانانی بۆردێکی پزیشکی پسپۆڕ بۆ ئەم حاڵەتانەی دوانەیی ڕەگەزیی ئەندامیی بۆ دیاری کردنیان لە کاتێکی زووەوە بە یارمەتی جۆرە پشکنینانە لە ساتی لەدایکبوونی منداڵ، تاکو لە تەمەنێکی زووەوە چارەسەری بۆ بکرێت، نەکا پەروەردە بکرێت لەسەر ڕەفتاری ڕەگەزێکی دیاریکراو، کەوا لە ڕووی پزیشکییەوە یەکلاکەرەوە نەبووبێت دواتر ببێتە کێشە بۆی لە کاتێك گەورە دەبیتَ.

٢. تایبەتکردنی شوێنێکی تایبەت لە نەخۆشخانەکان بۆ چارەسەرو بەدواداچوونی نەخۆشییە دەروونییەکان و ئەو کەسانە لەو بیروباوەڕی نەخۆشی گۆڕینی ڕەگەزی زاڵبۆوەتە سەر بیرکردنەوەیان ، هەروەها هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ ڕەفتاری ئاسایی و هەستکردنیان بە ناسنامەی ڕاستەقینەی ڕەگەزیان، بۆ لادانی مەترسی کە هەڕەشە لە کۆمەڵگە دەکات.

٣. هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی خێزانەکان سەبارەت بە مەترسییەکانی ئەم بیرۆکانەی بانگەشەی گۆڕنی ڕەگەز دەکات و دۆخە دەروونییەکەی گەر دزە بکاتە ناو تاکەکانی خێزان ، هەروەها پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای پیرۆزی ئایینی ئیسلام

٤. دەرکردنی یاسایەکی تایبەت لەلایەن حکومەتەوە کە پەیوەست بێت بە گۆڕینی ڕەگەز، کە هاوتەریب بێت لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی، بۆ ئامادەکردنی ئەم یاساییە پێویستە هەموو پسپۆڕانی پەیوەست بەم پرسە ئامادەییان هەبێت.

## لیستی سەرچاوەکان

١_ ابن ماجه ، محمد بن يزيد القزويني، (2009)، سنن بن ماجة، تحقيق: شعيب الأرناؤوط، دمشق: دار الرسالة الإسلامية.

٢_ ابن منظور ، محمد بن مكرم الأفريقي ، (1993 )، لسان العرب ، ١٨٨/١١، دار حاضر – بيروت.

٣_ أبو داود سليمان بن الأشعث (2009)، سنن أبي داود، تحقيق: شعيب الأرناؤوط. دمشق: دار الرسالة الإسلامية.

٤_ الأزهري، محمد بن أحمد ،(٢٠٠١)، تهذيب اللغة ، تحقيق: محمد بن عمر، بيروت: دار إحياء التراث العربي، بيروت، ٣١٢/١٠.

٥_ الأنصاري، مرتضى، (١٤٢٠) فرائد الأصول (المطبوع ضمن تراث الشيخ الأعظم)، مجمع الفكر الاسلامي - قم، ط١/هـ ١: ٦٥- ٦٧.

٦_ البار، محمد على ، السباعى ، زهير أحمد ، (2017)، الأحكام الشرعية في ضوء المستجدات الطبية العصرية، ، ٣٢٤/١. دار المعرفة للطباعة والنشر – لبنان.

٧_ البخاري ، محمد بن إسماعيل ، (2001) صحيح البخاري، تحقيق: محمد زهير الناصر، بيروت: دار طوق النجاح. ١٥٩/٧، رقم:٥٨٨٦ .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٨_ البيهقي، أحمد بن الحسين، (2003) السنن الكبرى، دار الفكر - بيروت/ بدون تاريخ ١٠: ٢٤.

٩_ الجرجاني، علي بن محمد (٢٠٠٤)، تعريفات، القاهرة: دار الفضيلة، ٧٠/١.

١٠_ الحر العاملي، محمد بن الحسن، (١٤١٤)، وسائل الشيعة، ١١: ٢٧٢، مؤسسة آل البيت لإحياء التراث.

١١_ الخميني، روح الله، (١٣٩٠) ، تحرير الوسيلة ٢: ٥٦٤ ، مؤسسة آية الله العظمى الميلاني لإحياء الفكر الشيعي.

١٢_ الربعي، عبد الله بن محمد بن صالح ، (٢٠١٥) ، اضطراب الهوية الجنسية : دراسة فقهية طبية ، ص. 332 ، الجمعية الفقهية السعودية.

١٣_ الزبيدي، محمد مرتضى، (١٤١٤) ، تاج العروس ٣: ١٦٦، دار الفكر – بيروت.

١٤_ السبحاني، الشيخ جعفر ، (٢٠١٦)، الإنصاف في مسائل دام فيها الخلاف، ١٣٥/٢، مؤسسة الامام الصادق.

١٥_ السعدي ، عبد الرحمن بن ناصر، (2000)، تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان ، المحقق: عبد الرحمن بن معلا اللويحق، بيروت: مؤسسة الرسالة.

١٦_ السيوطي، جلال الدين عبد الرحمن، (٢٠٠٣)، الدر المنثور في التفسير بالمأثور، ٢٤/٥، دار الفكر – بيروت.

١٧_ الشنقيطي ، محمد بن محمد المختار، (١٩٩٤) ، مكتبة الصحابة – جدة.

١٨_ الشوكاني، محمد بن علي، (١٩٩٩) ، إرشاد الفحول إلي تحقيق الحق من علم الأصول، المحقق : الشيخ أحمد عزو عناية، دمشق - كفر بطنا، دار الكتاب العربي، ١١١/٢.

١٩_ الطباطبائي، محمد حسين، (١٩٧٣) ، الميزان في تفسير القرآن، مؤسسة الأعلمي- بيروت، ٥: ٨٥.

٢٠_ الطبري ، محمد بن جرير، (2000) ، جامع البيان عن تأويل آي القرآن، تحقيق: لدكتور عبد الله بن عبد المحسن التركي، دار هجر للطباعة والنشر والتوزيع والإعلان، ٢٢٠/٩.

٢١_ الطوسى، محمد بن الحسن، (بدون تاريخ)،التبيان في تفسير القرآن، دار إحياء التراث العربي، بيروت ٣: ٣٣٤.

٢٢_ علي بور ، م، (٢٠١٧) ، الشريعة الإسلامية ، علماء مسلمون حديثون وعلماء جراحة تغيير الجنس المتحولين جنسيا: دراسة حالة لفتاوى آية الله الخميني وشيخ طنطاوي. المجلة الدولية للتحول الجنسي ، المجلد. 18 ، ص 91103.

٢٣_ كسار، طارق حسن ، (2015) ، مشروعية التحول الجنسي في الفقه الإسلامي ، ص : ١٩، جامعة ذي قار كلية التربية للعلوم الإنسانية ، ج5، ص:210 – 236.

٢٤_ النووي ، يحيى بن شرف، (1991)، روضة الطالبين وعمدة المفتين، تحقيق: زهير الشاويش. بيروت: المكتب الإسلامي.

٢٥_ النيسابوري، مسلم بن الحجاج، (٢٠٠٠)، صحيح مسلم، الرياض : دار السلام.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

26_ بابستي ، عزيزة فوّال، المعجم المفصل في النحو العربي(1413هـ/1992م) ، بيروت: المكتب الإسلامي.

27_ مجموعة من المؤلفين في وزارة الأوقاف والشئون الإسلامية ،الموسوعة الفقهية الكويتية (١٤٠٤ - ١٤٢٧ هـ) . الكويت :وزارة الأوقاف والشئون الإسلامية.

**پێگە ئەلیکترۆنیەکان:**

1- https://iifa-aifi.org/
2- https://www.nasnews.com
3- https://www.aljazeera.net
4- https://www.alaraby.co.uk
5- https://islamqa.info/ar
6- https://zanayan.org
7- جمعية علم النفس الأمريكيةAmerican Psychological Association

---

## Ruling on transgender in Islamic jurisprudence and Iraqi law - an analytical and evaluative study

**Karzan Faqi Khalil Kareem**
Department of Law, College of Law and International Relations, Lebanese French University, Erbil Kurdistan Region, Iraq.
Karzanfaqi@lfu.edu.krd

**Keywords**: *transforming sex, jurisprudence, and Iraqi law, analytical, Islamic study*

**Abstract**

The progress of modern science and technological development in the present era has helped humanity greatly, and society has become in progress and development, but this progress and development is a double-edged sword, and as a result of this development a phenomenon has emerged that began recently, which is the problem of sex change, sex conversion is a strange phenomenon, and scientific development and modern medical progress have helped to facilitate the process of transsexualization, and helped to change sex in surgeries and spread this phenomenon in the world and Islamic countries. This research sheds light on the concept and problem of gender transforms, and jurists have addressed the statement of the position of Islamic law on this process, as well as sheds light on the legal position towards the process of transsexuality, by highlighting the sayings of Islamic jurists, and analyzing the sayings and answering them, as well as the statement of the position of Iraqi law towards this issue.

## حكم تحويل الجنس في الفقه الإسلامي وقانون العراقي دراسة تحليلية تقويمية

**الملخص**

إن تقدم العلمي الحديث والتطور التكنلوجي في العصر الحاضر قد ساعد الإنسانية بشكل كبير ،وأصبح المجتمع في تقدم وتطور، ولكن هذا التقدم والتطور سلاح ذو حدين، ومن نتيجة هذا التطور ظهرت ظاهرة بدأت في الآونة الأخيرة، والتي هي مشكلة تغيير الجنس، إن تحويل الجنس ظاهرة غريبة، وقد ساعد التطور العلمي والتقدم الطبي الحديث على سهولة عملية تحويل الجنس، وساعد على تغيير الجنس في عمليات جراحية وانتشرت هذه الظاهرة في العالم ودول الإسلامية . هذا البحث يلقي الضوء على مفهوم وإشكالية تحويل الجنس، والفقهاء قد تصدي لبيان الموقف الشريعة الإسلامية من هذه العملية، كما يلقي الضوء على الموقف الشرعي تجاه

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عملية التحول الجنسي، وذلك بإبراز أقوال الفقهاء الشريعة الإسلامية، وتحليلها الأقوال والجواب عنها ، وكذلك بيان موقف القانون العراقي تجاه هذه المسألة وتقويم موادها من منظور الفقه الإسلامي.